# بەشی 8

# دەستوری بێ‌مافی‌و ئیلحاق‌و هەڵاواردن

## ڕەخنەیەك لە "ڕەشنوسی دەستوری هەرێم"

### جێوڕێی منداڵ و گەنج لە کۆمەڵگادا

### ڕەشنووسی دەستووری هەریم و مافی منداڵان و گەنجان

**ئەرکی کۆمەڵگایە ئاگای لە منداڵ و گەنج بێ**

مافی منداڵ بەتەواوی لە ڕەشنووسی دەستووری هەریمی کوردستان بزرە، هیچ ماددەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان نەکراوە، لەحالیکدا کۆمەلیك مافی ناسراوی جیهانی تایبەت بە منداڵ، سالەهایە لە ولاتانی پیشکەوتووی دونیا ڕاگەیەندراون و کراون بە یاسا و لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا، لە کۆمەڵگا و خیزان و دامەزراوەکانی فیرکردن و پەروەردە لە هەر دوو کەرتی دەولەتی و تایبەتیدا، وەك مافی حاشاهەلنەگر و وەك یاسا پەیرەو و پراتیك دەکرین. ڕەشنووسی دەستوور ناوبەناو ئاماژە بە پابەندبوونی خۆی بە پەیماننامە نیودەولەتیەکان دەکا، بەلام نە ناو لە پەیماننامەی ناسراو بە "کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵ" دەبا، کە UN لە ١٩٨٩ پەسندی کردوە و عیراقیش مۆری کردوە، نە تەئسیری لی وەر دەگرێ! ئەو پەیماننامەیە (سەرەرای گەلیك کەموکورتی کە دەشێ لە ڕوانگەی مافی جیهانشموولی ئینسانەوە ڕەخنەی لی بگیرێ)، کۆمەلیك مافی منداڵانی لە خۆ گرتوە کە ئەگەر لەبەرچاو بگیرین و جیبەجێ بکرین، بۆ واقیعی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردستان هەنگاویکی گەورەی بەرەوپیشە. بە پیچەوانەی ئەو پەیماننامەیە، ڕەشنووسی دەستوور لە بواری مافی منداڵدا، وەك زۆر بواری دی، چەندین هەنگاو لە واقیعی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردستان لەدوایە.

دەستووری هەریم بە ماددەیەك ئاوری لە گەنجان داوەتەوە، بەلام دواتر دەبینین کە ئەو ماددەیە نەك هەر لە ئاستی دەستووردا وەلامدەرەوەی دەستەبەرکردنی مافی ژیانی شاد و ئەکتیڤ و داهینەر بۆ گەنجان نیە، بەلکوو لە ئاستی ساپۆرتی کۆمەلایەتی و خزمەتگوزاری مەدەنی و کۆمەلایەتیشدا جیی ڕەخنەی بنەرەتییە.

* * * * *

هەروەك لە بەشی پیشوودا، لە ڕوانگەی کیشەی ژن لە کۆمەڵگای ئەمرۆی کوردستان و مافە جیهانشموولەکانی ژنانەوە، ڕەخنەمان ئاراستەی ڕەشنووسی دەستووری هەریم کرد، لەم بەشەشدا لە ڕوانگەی جیوریی کۆمەلایەتی منداڵ و گەنجەوە سەرنجی ڕەخنەگرانە دەدەین لە بیمافی منداڵان و گەنجان لە ڕەشنووسی دەستووری هەریمدا. منداڵ و گەنج گرنگترین گەنجینەی ئەمرۆ و دوارۆژی کۆمەڵگای بەشەرن. لە ڕۆژگاری ئیستەدا ئەم دوو بەشە لە پەیکەری کۆمەڵگای کوردستان، حاسلی قۆناغیکی نائاسایی میژووی کۆمەلگاکەن و خەریکن بە پرۆسیسیکی تایبەتیدا لە کیشەی کۆن و نوێ تیدەپەرن ، کە کۆمەڵگای کوردستان پیشتر بەخۆیەوە نەدیوە، نە لە نیوخۆیدا، نە لە پەیوەند لەگەڵ جیهانی گلۆباڵ و پرئالوگۆری هاوچەرخی خۆیدا. لە بەشیکدا کە دادێ، لە چوارچیوەی ڕەخنە لە پشت بەستنی ئایدیۆلۆژیکی ڕەشنووسی دەستووری هەریم بە "سیستەمی ئابووری ئازاد" باس لە جیوریی کۆمەلایەتی چینی کریکار لە کۆمەڵگای کوردستان دەکەین و ئەم ڕەخنەیە لە پرۆژەی دەستووری هەریم بە کۆبەندیك لەسەر ماف و مافی جیهانشموولی ئینسان و دەستوور و پەیوەندیان لەگەڵ سەرجەم مافە مەدەنی و کۆمەلآیەتیەکان، کۆتایی پێ دینین.

* * * * *

**منداڵ: ئینسانی کەمتەمەنی خاوەن مافی یەکسانە**

**یا بوونەوەری پیشیلکراوی ژیر دەستوپیی گەورەکانە؟**

له وەلامی ئەم پرسیارەدا دەکرێ جەوهەر و ئامانجی پرسیارەکە پشت گوێ بخرێ و سەهل و ئاسان بگوترێ: قسەی تیدا نیە، مندالّ خۆشەویستی دایك و بابیەتی! "بوونەوەری پیشیلکراوی ژیر دەستوپێ" مانای بەچی!؟ بەلاّم واقیعی قەزیەکە وا سەهل و ئاسان نیە. گرفتیك ئەوەیە کە وشەی "مندالّ" لە زمانی ئاسایی و یاسایی دا بە هەر دوو مانای "ئەولاد"یش و "کەمتەمەن"یش بەکار دەبرێ و لیك جیا ناکریتەوە۔ ئەمە ئەگەر بە وردی سەرنجی نەدریتێ، دەبیتە سەرچاوەی ئالۆزی و تیکەلاّوییەك لە وتاری کۆمەلاّیەتی و یاساییدا کاتیك باس لە ماف و مەوقیعیەتی "مندال" دەکرێ. بۆ وینە لە ماددەی 49ی رەشنووسی دەستووری هەریمی کوردستاندا، کە باس لە "خیزان" دەکا و ناو لە مندالیش دەبا، ئەم ئالۆزی و تیکەلاّوییە لە بەکارهینانی وشەی "مندالّ"دا، بە ئاشکرا بەدی دەکرێ:

خێزان یەکەی کۆمەڵایەتی سروشتی و بنچینەییە لە کۆمەڵگەدا، ومافی خۆیەتی حکومەت و کۆمەڵگە پارێزگاری لێبکەن بۆیە:
ماددەی: 49

یەکەم: نابێ گرێبەستی هاوسەرێتی مۆربکرێت بەڕەزامەندیی تەواوی هەردوو لایەنی هاوسەرێتیەکە نەبێت وبەبێ زۆرلێکردن.
دووەم: حکومەت پاراستنی دایکایەتی و منداڵێتی و پیریەتی لە ئەستۆ دەگرێت و ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری بۆ کاروباری خێزان دادەمزرێنێت.
سێیەم: منداڵانَ مافی پەروەردەو سەرپەرشتیکردن و فێرکردنیان بەسەر باوک و دایکیانەوە هەیە، باوک و دایکیش مافی ڕێزلێگیران و چاودێریان بەسەر منداڵەکانیانەوە هەیە، بەتایبەتی لە حاڵەتی دەستکورتی و پەککەوتەیی و پیربووندا.
چوارەم: چەوساندنەوەی منداڵ لە ڕووی ئابوورییەوە قەدەغەیە، حکومەتی هەرێم ڕێکاری پێویست بۆ پارێزگاریکردنیان دەگرێتەبەر.
پێنجەم: هەموو شێوەیەکی جیاوازی و توندوتیژی و (تعسف) ناحەقی لەناو کۆمەڵ و قوتابخانەو خێزاندا قەدەغەیە.
شەشەم: حکومەتی هەرێم دامەزراندنی خانەی تایبەت بە چاودێریکردن و پاراستنی ئەو ئافرەتانە دەستەبەر دەکات کە بەهۆکاری کۆمەڵایەتیەوە ئارامیی خێزانیان لەدەستداوە.

ئەم ماددەیە وەك ئاوینەیەك، روانگەی رەشنووسی دەستووری هەریم بۆ ئیهمال کردنی مافی مندالّ و قەتیس کردنی لە چوارچیوەی دامەزراوی شیوە سوننەتی و کۆنی "خیزان"دا، بە ئاشکرا دەنوینێ. رەشنووسی دەستوور، مندالّ وەك بەشیك لە کۆمەلگای ئینسانی چاو لی ناکا، بە بەشیك لە "خیزان"ی دادەنێ و بەم جۆرە مندالّ دەخاتە چوارچیوەی خیزان و دەرگای کۆمەلگای بە روودا دادەخات.  سەرنجی برگەی سییەم بدەن: مافی مندالاّن بەسەر باوك و دایك و بەدوایدا مافی باوك و دایکیش بەسەر مندالەکانیانەوە! ئەم دوو مافەش وەکیەك لە تای ترازووی موعادەلەیەك دەنێ بۆ ئەوەی کۆمەلگا و دەسەلاّتی حوکومەتی لە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە هەر دوو تای موعادەلەکە وەك بەرزی بانان دەرباز بن!

خیزان ئەمرۆ واقیعیکی کۆمەلگایە و بەو پییە لەسەر سیستەمی ماف و یاسایە چ وەك خۆی و چ وەك دیاردەیەك کە لە بەردەم ئالوگۆری بەردەوامدایە، مامەلەی واقیعییانەی لەگەلّ بکات. لەگەلّ ئەمەشدا ئەسلّ و پیوەر بۆ هەلویست و مامەلەی پیشکەوتوانە بەرامبەر بە خیزان ئەوەیە کە لە کۆمەلگا دانەبردرێ، لە ژیر چاودیری دائیمی یاسا پیشکەوتوەکانی کۆمەلگا وەلا نەخرێ و رەها نەکریتە دەس بالاّدەستی سەرەرۆ و سەربەخۆی داب و نەریت و پیاوسالاری. ئەم پیوەر و پرینسیپە بەتایبەت بۆ کۆمەلگای کوردستان کە پیاوسالاری تییدا لایەزال تەراتین دەکا و مەیدانی بۆ تیرۆری ژن و ئازاردانی مندالّ بە روودا ئاوالە کراوە، ئیگجار حەیاتیە. رەشنووسی دەستوور وەك لە بەشەکانی پیشووتری ئەم رەخنەیەدا روونمان کردوەتەوە، ریك بە پیچەوانەی ئەم پیوەر و پرینسیپە پیشکەوتوانەیە لەگەلّ خیزان مامەلە دەکا، جگە لە ماددەی 49 بە ماددەی 7ی بەدناوبانگ و بە جەخت کردنی ناوبەناوی لەسەر "داب و نەریت"، هەولّ دەدا دیاردەی خیزان لە ژیر چەپۆکی پیاوسالاریدا چوارمیخە بکیشێ و بیکاتە تابووت بۆ ماف و ئازادی ژن و مندالّ.

لیرەدا لە پەیوەند بە مافی مندالّ و گەنجەوە (هەروەك مافی ژن) پیویستە جاریکی تر تەئکید بکەینەوە کە جەختکردنی دەستوور (دەستووری هەر ولاّتیك بێ) لەسەر "داب و نەریت"، خۆی لە خۆیدا ناکۆکییەکی ئاشکرایە. دەستوور بۆ ئەوەیە چوارچیوەی دیاریکراوی ماف و ئازادی هاولاّتیان و ئەرکی کۆمەلگا و دەسەلاّت بەرامبەر بە هاولاّتی و چوارچیوە و سنووری یاسا دانان دەسنیشان و دەستەبەر بکا، لەحالیکدا "داب و نەریت" کۆمەلیکی تیکەلّ پیکەلّ لە هەزاران یاسای نەنووسراوە کە هیچ چوارچیوە و سنووریك ناناسێ. ناوهینان لە"داب و نەریت" وەك بەربەست و سنووریك بۆ ماف و ئازادیەکان لە دەستووردا، پیش هەموو شتیك پووچەلّ کردنەوەی خودی دەستوورە.

ئەم ناکۆکییە لە چۆنیەتی مامەلەی دەستووری هەریم لەگەلّ خیزان و جیوریی مندالّ لەناو خیزانیشدا، بە زەقی بەرچاو دەکەوێ. ماددەی 49 خیزان وەك "یەکەی کۆمەلاّیەتی سروشتی و بنچینەیی لە کۆمەلگەدا" ناو دەبا و حکومەت و کۆمەلگە یەکلایەنە لە خزمەتیدا دادەنێ. ئاشکرایە کە دانانی پیناسەیەکی وا بۆ خیزان لەگەلّ واقیعی ئەمرۆی جیهانی چینایەتی سەرمایە کە کۆمەلگەی کوردستانیشی داگرتوە نایەتەوە. سیستەمی سەرمایەداری ئەمرۆ، بە پیچەوانەی سیستەمی کۆنی سەدەکانی ناوەراست، زۆریك لە ئەرکەکانی خیزانی بەتایبەت لە پەیوەند بە مندالەوە، دابریوە و داویەتە دام و دەزگای کۆمەلاّیەتی جۆربەجۆر کە بۆ نموونە هەر لە حکومەتی هەریمی کوردستاندا چەندین وەزارەتی بۆ تەرخان کراوە.

لەم ماددەیەدا مافی منداڵ لە کۆمەلگادا کراوە بە ژێر جیوریی منداڵ لە خیزاندا، هەر بەو شیوە کۆنەی جاران بە هیندیك دەسکاری رووکەش و بێ کەلکەوە. لیدان لە منداڵ لە قوتابخانەکان و سەرکوتانەوە و فشار خستنە سەریان بە ناوی "دیسیپلین" لە مەدایەکی هەمەرۆژەدا، کاری بە خیزان نیە. پیویستی چینی دەسەلاتدار بە بەرهەمهینانەوەی هیزی کاری کریگرتەیە وا دەکا کە دیسیپلین و دەمبەست کردنی منداڵ بکریتە بەشیك لە سیستەمی پەروەردە، ئەگینا هەموو دەسکەوتەکانی زانست ئەوە دەسەلمینن کە لیدانی منداڵ و سەرکوتانەوە و فشار خستنە سەریان، زینیان و توانای داهینەری و وزەی ئەکتیڤ بوونیان دەتاسینێ، ترس دەشکینیتە ناخیانەوە، رۆحیان دەژاکینێ و هەستی متمانە بە خۆیان دەمرینێ. بەلام سیستەمی سەرمایە و دەسەلاتی چینی سەرمایەدار بەتایبەت لە ولاتانی پاشکەوتوو، بەتایبەتی تریش لە کۆمەلگای ئیستەی کوردستان، پیویستی بە چینی کریکاری بیدەنگ و بیماف و روح ترساو هەیە و بەم بۆنەوە دیسیپلین و فشار و دەمبەست کردنیان بردوەتە ناو سیستەمی پەروەردە و بەها ئەخلاقیەکانەوە.

سەیروسەمەرەتر ئەوەیە کە برگەی دووەمی ماددەی 49 ئەرکی "پاراستنی دایکایەتی و مندالیتی و پیریەتی" (کە دیار نیە یانی چی؟!) دەخاتە ئەستۆی حکومەت، بەلام برگەی سییەم ئەرکی چاودیری لە باوك و دایك لە حالەتی دەسکورتی و پەککەوتەیی و پیریدا دەخاتە ئەستۆی "منداڵ"! روون نیە بۆچی ئەرکی چاودیری لە منداڵ لە بەینی حکومەت و باوك و دایکدا و ئەرکی چاودیری لە باوك و دایك لە بەینی حکومەت و مندالەکانیاندا مولەق وەستاوە!! تەنیا یەك شت روونە: رەشنووسی دەستوور "منداڵ" وەك "ئەولاد" چاو لیدەکا و بەس. کەچی منداڵ دەبێ هەروەها وەك ئینسانی کەمتەمەنی خاوەن مافی یەکسان لەگەڵ گەورەکان چاو لی بکری، کە کۆمەلگا بە حکومەت و خیزانەوە بەرپرسە مافی ژیانیکی شاد و ئەکتیڤ و بەختەوەر و داهینەر و هیمن، بەدوور لە هەر چەشنە ئازاردان و توندوتیژی و بەدوور لە کاری پیشەیی و چەوساندنەوەیان بۆ دابین و دەستەبەر بکات. (خالە دیاریکراوەکانی مافی منداڵ لە روانگەیەکی ئەمرۆیی و ئینسانیەوە، سالەهایە لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە لە بەرنامەی "دونیایەکی باشتر" و بەیاننامەی "مافە جیهانشموولەکانی ئینسان" دا راگەیەندراوە).

نیشانەیەکی تری ئیهمال کرانی مافی منداڵ لە رەشنووسی دەستووری هەریمدا لە ماددەی 147 دا دەردەکەوێ: لەم ماددەیەدا باس لە دامەزراندنی کۆمەلیك دەستە و کۆمیسیۆنی تایبەتی (ئەمبەدسمان) کراوە کە چاودیری کردن و پاراستنی مافی گرووپی جۆربەجۆر لە کۆمەلگایان پێ دەسپیردرێ. لە ناو ئەمانەدا کە ژمارەیان هەشتە و بۆ نموونە کۆمیسیۆنی تایبەت بە  مافی گەل و کۆمیسیۆنی تایبەت بە  مافی کوردە فەیلیەکان دوویانن، باسی کۆمیسیۆنیك یا ئەمبەدسمانیك بۆ مافی منداڵ نەکراوە، هەروەك بۆ مافی ژنانیش نەکراوە، لە حالیکدا ئەم دووانە ئەگەر لەو هەشتە پیویستتر نەبن کەمتر پیویست نین.

وە سەرەنجام پیویستە تەئکید بکەینەوە کە لە دەستووری هەر ولاتیك و هەر بەلگەیەکی تری مافە بنەرەتییەکانی هەر کۆمەلگایەکی ئەمرۆژیدا دەستەبەر کردنی مافی منداڵ بۆ ژیانیکی شاد و هیمن بەختەوەر دەبی لە سەرووی هەموو حیساباتیکی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووری دابنرێ.

## گەنج یا "هەرزەکار"؟

کیشەی گەنج، لە کوردستان کیشەیەکی گەورە و گرینگی کۆمەلگایە و دەسەلاتدارانیش ناتوانن حاشای لی بکەن. هەر بۆیەش ماددەیەکیان لە رەشنووسی دەستووردا بۆ تەرخان کردوە و بەو کارە هەولیان داوە لە روانگەی خۆیانەوە وەلامی پێ بدەنەوە. بەلام ماددەی 55 پیش ئەوەی وەلام بەو کیشە کۆمەلایەتیە بێ، کۆمەلیك پیشنیار و ریکار و ئیجرائیاتە بۆ کۆنترۆڵ و چاودیری لاوان، هەتا دەستەبەر کردنی مافی گەشە و هەلدانی نەوەی نوێ بی، لە ئاستی دەستووری ولاتیکدا.

ماددەی:55

حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێری تازە پێگەیشتوان و لاوان لە ئەستۆ دەگرێت، ئەویش بەوەی کە:

یەکەم: لە چەوساندنەوە ولادان بیانپارێزێت.

دووەم: لە گشت بوارەکاندا گەشە بە توانایان بدات وپەرە بە لێهاتووییان بدات وبەهرەکانیان مشتوماڵ بکات وهانی چالاکیەکانیان بدات.

سێیەم: لە رووی پەروەردەکاریەوە ئامادەیان بکات وبەها ڕەوشتی و نیشتمانیە ڕەسەنەکانیان تێدا پتەوبکات وگیانی دەستپێشخەری و وشیارییان بە کەلتوری مێژوویی و تێکۆشان و مرۆیانەی نەتەوەکەیان تیادا بچەسپێنێت.

چوارەم: بوار لەبەردەمیاندا برەخسێنێت تاکو بەهرەکانیان لە بەشداریکردنی پرۆژەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریدا بەگەڕ بخرێن.

پێنجەم: دانانی بەرنامەو پلان تا بەرپرسیاریەتی بگرنە دەست و ڕۆلی خۆشیان لە کۆمەڵگەدا بگێڕن.

شەشەم: هانی دەستپێشخەریە تاکە کەسی و بەکۆمەڵەکان بدات وبایەخ بە داهێنانەکانیان بدات وبنکەی پێویست دابمەزرێنێت بۆ چاودێری و پشتگیریکردنی ماددی و مەعنەوییان.

حەوتەم: گیانی هاریکاریی و هەرەوەزیی و پیادەکردنی دیموکراسییانە لەنێویاندا هان بدات وهۆکارەکانی سوود وەرگرتن لەکاتی دەست بەتاڵیان بۆ دەستەبەر بکات بەشێوەیەک کە بەرهەمهێنەربێت و تواناو شارەزاییان مشتوماڵ بکات.

وەك لە دیری یەکەم و برگەی یەکەمی ماددەی 55 دەردەکەوێ، مەبەستی رەشنووسی دەستوور، لە پلەی یەکەمدا دەستەمۆ کردنی لاوان و پاشانیش مەشغووڵ کردنیانە بەو شتانەوە کە بە روالەت بۆ ژیانی دوارۆژی خۆیان ئامادەیان دەکات بەڵام لە راستیدا بۆ چەوساندنەوەیان و کەڵك وەرگرتن لە تین و تەوژم و توانایان لە ریبازی قازانجبەری بێ سنووری سەرمایە و بەرژەوەندی چینی خاوەن دارایی و دەسەڵاتدایە.

ئیدیعای پاراستنی لاوان لە چەوساندنەوە (برگەی یەکەم) کاتیك بە جیددی وەردەگیرێ کە لانی کەم لە شوینیکی ئەم 160 ماددە رەشنووسەدا بۆ نموونە بە راشکاوی بنووسرایە: کاری پیشەیی و ئەرکی سەربازی بۆ منداڵان و میرمنداڵان تا تەمەنی 16 ساڵ قەدەغەیە. چەند بگەریی شتی وات بەرچاو ناکەوێ چونکە هەر ئیستا لە کوردستان سەرچاوەیەکی سوودبەری بەلیشاوی سەرمایە، کاری کریگرتەی منداڵان و میرمنداڵانی کەمتەمەنە.

پاراستنی لاوان لە "لادان" کە ئەویش هەر لە برگەی یەکەمدا جەختی لەسەر کراوە مانای چیە؟ بە کردەوە و بە دەسنیشان نەکردنی سەرچاوەکانی "لادان" لە هیچکویی تری ماددەکە و گشت روشنووسدا، دیار نیە مانای ئەم رستەیە چیە. بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا کە عەقلیەتی باو، عەقلیەتی کۆنی باوکسالاری، عەقلیەتی کۆنپاریز و "داب و نەریت"پاریز، بە داسەپاندنی نازناوی "هەرزەکار" بەسەر گەنجان و لاواندا سووکایەتییان پێ دەکەن، مانای پاراستنی لاوان لە "لادان"، مانای داسەپاندنی کۆنترۆڵ و چاودیری هەمیشەیی و شەووڕۆژیە بەسەریاندا.

باقی برگەکانی ئەم ماددەیەش بە شیوەی ئیجابی هەر ئەو حوکمە بەریوە دەبەن، بۆ وینە: پەروەردەکاری بە پیی "بەها رەوشتی و نیشتمانیە رەسەنەکان" (ناویکی تر بۆ "داب و نەریت"ی کەزایی!). دەسەڵاتیك کە لە رەشنووسی دەستوورەکەیدا جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە بەرامبەر بە کیشەی لاوان و نەوەی نوێ دەکا، لە بواری کردەوە و لە یاسا دانانیشدا هەر ناچارە پەنا بۆ سەرکوتانەوە و سەرنەوی کردن و سووکایەتی پێ کردن و سەرلیشیواندنی گەنج و لاو بەرێ، وەك بینیومانە و دەیبینین.

بەڵام ئەم وەڵامەی ماددەی 55 لە لایەن نەوەی نویی کۆمەڵگاوە رەت کراوەتەوە و چاوەروانیەکی تریش جیا لەوە مەعقوول نیە. کیشەی نەوەی نوێ لە کوردستانی ئەمرۆدا هیچی تر نیە جگە لە کیشەی کۆن و نوێ. جگە لە کیشەی نەوەیەکی پیگویشتووی تیگەیشتووی جیهان بین لەگەڵ دەسەڵاتیکی دواکەوتووی کۆنپاریزی بەرچاوتەنگ و تینەگەیشتوو لە جیهانی ئەمرۆ. ئایا پیویستی بە عەقلیەتیکی زۆر قووڵ بوو کەسیك ببینێ و تێ بگا کە بۆچی گەنجانی کوردستان ئەمساڵ ئەو پیشوازیە گەرمەیان لە رۆژی "ڤالانتاین" کرد، کە سەرەدەرزیەك رەبتی بە "داب و نەریت" و "بەها رەوشتی و نیشتمانیە رەسەنەکان" و بە فەرهەنگ و کەلەپووری لۆکالەوە نەبوو، بەلکوو راستەوخۆ لە فەرهەنگی گلۆباڵ و لە ریگای مەسمیدیای جیهانیەوە وەریان گرتبوو؟

کیشەی گەنج لە کوردستان کیشەیەکی زۆر جیددی و ئالۆزە کە دەسەڵات و دەستوورەکەی نەك هەر ناتوانێ وەڵامی پێ بداتەوە، بەڵکوو لەوە ناچێ هەر بە لای تیگەیشتنیشیدا بچێ. سەرنجیکی سەرپییی لە باس و خواسەکانی ناو میدیای سەر بە دەسەڵات، بە روونی دەری دەخا کە چەندە لەم بوارەدا سەرلیشیواون و بەم جۆرە هەر ریگایەکیش بۆ گەنجان دابنێن هەر تەنیا دەتوانن سەریان لە بشیوینن.

نەوەی گەنجی ئەمرۆی کوردستان ویسگەی یەکگرتنەوەی چەندین رەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی و تەکنۆلۆژیك و فەرهەنگی جیهانی و ناوچەیی و کوردستانیە. گەنجی ئەمرۆی کوردستان بەرهەمی بارودوخی هەلواسراوی کۆمەڵگاکەیە، بەرهەمی کۆمەڵیك برینی ساریژنەبووی کۆرەو و شەری ناوخۆ و دەیان برینی کۆنتری (دیسان ساریژنەبووی) جەستەی کۆمەڵگاکەیە. لە هەمانکاتدا بە حوکمی رژانی بەرهەمی هەمەجۆری تەکنۆلۆژیای مۆدیرنی جیهان بۆ کوردستان، عەقلیەتی گەنجی ئەمرۆی کوردستان عەقلیەتیکی نوێ و نویخوازە و بە هیچ جۆر لەگەڵ عەقلیەتی کۆنی زاڵ، سولحی نایە. عەقلیەتی کۆن کە تەنانەت نەفسی پرسیار کردن لەبارەی مەزهەب و سیکسەوە بۆ گەنج بە بڤە دەزانێ، قەت ناتوانێ وەڵام بە کیشەی دیپریسیۆن (کەئابە)، کیشەی کۆچ کردن و چەندەها کیشەی تری گەنجان بداتەوە.

بەڵام سەرچاوەی کیشەی کۆن و نوێ، نە کولتوورە و نە رەبتی بە "هەرزەکاری" و "لادان"ی لاوانەوە هەیە. سەرچاوەی کیشەی کۆن و نوێ قازانج و بەرژەوەندی جیاوازی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستانە. هەر کام دەیانەوێ کۆمەڵگا بەو ئاراستەیەدا بەرن کە لەگەڵ جیوریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرژەوەند و بەرنامەیان دیتەوە. ئەگەر ئەمرۆ بیکاری کیشەیەکی گشتگری گەنجانە و گەنج مادام سەری بە چینیك و بنەماڵەیەکەوە نەبێ کە "تەعیین" بوونی لە شوینیك بۆ مسۆگەر بکا، خویندنی باڵا بە شوینی دڵخوازی خۆی ناگەیەنێ، سەرچاوەی ئەم کیشەیە شیوەی ژیان و سیستەمی ئابووری زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکەدایە کە دەسەلات و دەستووریش پاریزەریەتی.